## من و ئەو ... ئاسۆ شێخ کەمال

هەرچی پێنوس
وشە لە خەمەکانی بتۆرێنی
پەلی مانگ بە کێش ئەکا
بۆ ناو زیندانێکی ئەبەدی
ئەو زیندانەی
بەباڵای تابوتیدا
ئەوین و ژوان لێك دائەبری
ئەوین کە لای من مانایەك و
لەلای ئەویش جگە لە رەنێگێك
چ چێژێکی نیە
لای من ئەوین شەری برژانگە لەگەڵ پێڵو
ویستی خەونە لە دژی بون
زامی شەوە
بە لێواری لێوە وشك هەڵگەراوەکەم
لەلای ئەویش
تەنها تیشکی چاوە لەسەر
کۆمەڵە ئاخێکی پەنگ خواردوو